# شازادەی کۆشکی ڕەش

لازۆ

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (٦٦٦)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

www.serdem.net
kteb@serdem.net

# شازادەی کۆشکی ڕەش

## لازۆ

شیعر
2013

ناوی کتێب: شازادەی کۆشکی ڕەش
نووسینی: لازۆ
بابەت: شیعر
ڕێنووس: شالاو حەبیبە
نەخشەسازیی بەرگ: ئارام عەلی
مۆتیڤەکان: ئاریان ئەبووبەکر
تیراژ:٥٠٠ دانە
نرخ:٣٠٠٠
چاپی یەکەم: چاپخانەی (سەردەم) ساڵی 2013
کوردستان- سلێمانی
ISBN: 978-91-637-3297-3
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٤٨٢)ی ساڵی (٢٠١٣)ی پێ دراوە
**مافی لە چاپدانەوە بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە**

بێ دوودڵی بۆ **پاشای خەمبار**

کە وەک سێوێک دووکەرت بووین



ئەڤینت ڕەنگم دەگۆڕێت

چاوەکانم دادەخەم
باڵەکانم ڕادەوەشێنم و
تاریکایی پڕ دەکەم لە نوور
هەوا چڕ دەبێتەوە
ئەڤین ڕەنگی خۆی دەگۆڕێت
شنەیەکی فێنک هەڵدەکات
خوێن و نزا بە ئاسماندا پەرش دەبنەوە
سەراب خۆی لە لم وەردەدا
یادگارییەکانمان وەک خەنجەر پێمدا ڕۆ دەچن

چاوت دەبێتە تیشک
وەک ئازارێک بەسەر ڕووناکیمدا دەنووشتێیتەوە
خاک بۆنی لیمۆ دەگرێت
خەم دەزێتە چاوانتەوە
ئیتر تۆ هەناسەت تژی دەبێت لە ڕێحان

پۆلێ باڵ
وەک پۆلێ زام
وەک پۆلێ پرچی ڕەش
ئاسمان دەتەنن
ئەڤین ڕەنگت دەگۆڕێت
یادەوەریمان وەک خەنجەر بە ناوتدا ڕۆ دەچێت

زەوی بە نێوانماندا درێژ دەبێتەوە
هەریەکەمان دەستمانی بۆ ڕایەڵە دەکەین
تا خاکی نێوانمان کورتتر بێت

وەک ژیژکێک لە بەردەم هەورەبرووسکەدا
خۆم گرمۆڵە دەکەم
ئاوڕ نادەمەوە
وەک چۆن یادەوەری ئاوڕمان لێ ناداتەوە

خاکی شێدار قوتم دەدات
بە تەنیا تیشکی تۆ دەمگاتێ

بۆشایی نێوانمان
وەک چاوی گورگێکی ڕەش دەدرەوشێتەوە
بیرکردنت
هەر وەک ئەستێرەیەکی قژکاڵ
دەکەوێتە باوەشمەوە
ئەڤینمان ڕەنگی دنیا دەگۆڕێت
یادەوەریمان وەک خەنجەر بە زەویدا ڕۆ دەچێت


بەریتانیا- 2008



وەک کچێنیی شاتوو

لە تەنیاییمەوە دەڕوانێتە دارستان
لە چاوەکانمدا بە شوێن تەلیسمێکی مۆردا دەگەڕێت
ئەوەی لە من دەڕوا
خوێنێکە گەش وەک کچێنیی شاتوو
ئەوەی لە من بەجێ دەمێنێت
پەستییەکە پەنجەرەکان نیگەران دەکات
من ئێستا چەند غەریبم بەم پیاوە
چەند بێگانەم بە ژیان!

سوید- ٢٠٠٥




تارمایی

بەسەر سنگمدا کۆچی کرد
دوامالّئاوایی لە چاوەکانمدا بەجێ هێشت
بە دەست خۆم نییە
قورسایی ئەو ڕۆژانە لە گەروومدا بەجێ ماون
بە دەست خۆم نییە
ورد ورد دلّم لەگەلّ هەنگاوەکانیدا ڕێ دەکات

ئەو ئیتر لەژێر ژیانەوە تێم دەڕوانێت
لە کۆلانێکدا پێک دەگەین و نامناسێتەوە
ئەو هەر کاتێک بیری منی کردبا
گوڵەکانی ئاو دەدا
من هەر کاتێک بیرم کردبا
خۆم ڕووت دەکردەوە

سوید- ٢٠٠٥



ئەو پیاوەی بە ماچێک داگیرم دەکات

ئێوارەیەک دێت؛
ئەو دێت:
پانتۆڵێکی ڕەش
قاپووتێکی ڕەش
کراسێکی ڕەش و
دوو چاوی ڕەش
لە دوورەوە خەمبار دیارە
لە دوورەوە تەڕایی چاوی بریسکەی دێت
سەروقژی شێواوە و
وەک سەرخۆشێک هەنگاو دەنێت

بەر لە یەکەمین ماچ
یەکەمین باوەش و
یەکەمین دەستگرتن
لە بەردەممدا لەسەر ئەژنۆ دادەنیشێت
دەڵێ خانمەکە من پرسیارێک کەڵکەڵەمە:
تۆ شوو بە من دەکەیت، یان بە شیعر؟
شوو بە من دەکەیت، یان بە باران؟
شوو بە من دەکەیت، یان بە تریفە؟

ئەو هەر د ە د و ێ ێ ێ ێ ێ ێ!

ئێوارەیەک ئەو لەگەڵ بارینی یەکەمین بەفر،
هەڵکردنی یەکەمین تووڕەبوون و
داکردنی یەکەمین بێهیواییدا دێت.

دەڵێت خانمەکە:
تەڕایی لێوتم پێ بفرۆشە
ڕووناکی ناو چاوانتم بدەرێ،
تاڵێک لە برژانگتم بۆ بکە موفەڕک.

ئێوارەیەک ئەو دێت و خەنجەرەکانی دەردەهێنێت
دێت و برینەکانیم نیشان دەدات

سنگی پڕە لە تووڕەبوون و
جگەرەکەی بە ددان دەگرێت
عەینەکەکەی تەڕتەڕ بووە و گریانی لێ دەتکێت

ئەو دەڵێت:
ماچەکانت تامی هەرمێ دەدەن
پێکەنینەکانت دەمرفێنن
گریانیشت لەولاوە بوەستێت


پانتۆڵێکی ڕەش
قاپووتێکی ڕەش
کراسێکی ڕەش و
دوو چاوی سوور
دوور دەکەونەوە
کاڵ دەبنەوە و لە هەڵمی بارانەکەدا ون دەبن

شەوێک دێت؛
ئەو دێت:
بزەیەک لەسەر لێوێتی
گریانێک لە گەروویدایە
چون هەناسەیەکی هێمن
خۆی دەکات بە ژوورەکەمدا و

کەنتۆرەکەم دەکاتەوە
لەبەر خۆیەوە دەبۆڵێنێت و دەڵێت:
بە شوێن شتێکدا دەگەڕێم
دەستەکانمی بۆ هەڵگرتووم
ماچەکانمی لێ شاردوومەتەوە

دەرژێمە سەر جێگەکەم و
بە دەنگی کچێک
بارگاوی بە تەنیایی
دەڵێم:
وەرە
خۆت وەرە
هەموویان بەرەوە
هەموویانم لێ بسەنەرەوە
هەموویانم لێ داگیرکە و مەمدەرەوە
ئەو هەر
د ە د و ێ ێ ێ ێ!

سوید- ٢٠٠٥



# پاشای خەمبار

هەڵبەته بۆ: ماردین ئیبراهیم

ئەوە بۆ ئەوەندە مەرگ نزیکە؟
ئەوە بۆ ئەوەندە ئاسمان نزیکە؟
ئەوە تۆ بۆ ئەوەندە دووریت؟

برینمان تێکەوت و خوێنمان درەوشایەوە
عەشقمان ژاکا و ڕەشمان پۆشی
بە ئێوارأندا پەرش بووین و
بە دوای یەکەوە دەمانگوت:
نیشتیمان هیی ئەوانە!
نیشتیمان هیی ئەوانە!

کوڕە دەنگخۆشەکە
هەمیشە بە دەم عەشقپژانییەوە
وەک ئەژدیهایەکی پیر دەینالاند
وەک بازێکی دڵشکاو لە ئاسماندا ون دەبوو
تەمێکی سپی خۆی دەکێشا بە سپێدەدا
هەوا پڕ دەبوو لە دڵی شکاو
لە ژنی زوڵفپەرت
لە کچی ناموراد
لە پیاوی کۆستکەوتوو

کاروانەکە درێژ دەبووەوە
کچەقەرەجێک لە ڕێ لای دەدا و بە پێکەنینەوە
بە شۆخە سفوورەکانی دەگوت:
ئێوە عەشقتان فریو دا
ئێوە عەشقتان لە خشتە برد و دنیاتان پڕ کرد لە جەفا
دەستە خەناوییەکانی دەخستە ژێر مەمکی چەپی و دەیگوت:
کچینە! ئێوە پاشاتان بیر دێت؟
ئەها کوڕێکی کراسڕەشی قژخاوی خەمبار بوو
کوڕێک بوو هەر بە ئێواران دەچوو
ئێوارانی گوێسوان و سەر کانی و بندارەکان!

ئێمە بە تەوسەوە دەمانگوت: کامە کوڕ؟
چاوەکانی پڕ دەبوو لە تووڕەییەکی ئاوی
بە پرتە و بۆڵەوە دەیگوت:
ئێوە کچانی شار چوزانن دڵداری لە گەوڕەکاندا
تامی چی دەدا
قاقا دەمانگوت تامی ماستە ترشەکەی سێوەخان

هەر کە بینیم پێم گوت:
وای تۆ چەند پاشایەکی خەمباریت
ئەو گوتی:
ئۆی‌ی‌ی تۆ چەند شازادەیەکی برینداریت
ئەو تاقمی ڕیشتاشینەکە و
دەستێک بیجامەی خەتخەتی خستە بوخچەکەوە و
منیش تۆزێ کل و هەندێک گوڵەباخ و کراسێکی
سپی
بە دەم گریانەوە کەوتینە زەمکردنی نیشتیمان
من جارجار دەمگوت:
پاشای زامدار تۆ تازە ڕژاویتە دەربەدەریمەوە
برین لەمە قووڵتر نابێت
ئەو تاوتاو دەیگوت: ئێی شازادە ئێمە چیمان کرد
ئێمە چیمان کرد!

بۆنی سیگار و عەشقی ئەو کچانی گوندی بێدار
دەکردەوە
کەچی منی گێژ دەکرد
چاوم دادەخست و دەکەوتمە باوەشیەوە
هەر کە هات من بە پێی پەتی ڕام کرد بۆ کۆڵان
بە کچانی گەڕەکم گوت: پاشا هاتووە بۆ دیدەنیم
پاشاااااااااا...
کچێنیی خۆمی لەبەر پێدا سەر دەبڕم

کێ دەیزانی کوڕێک لەژێر ئەو درەختەدا
بیر لە دڵشکانەکانی خۆی دەکاتەوە
کێ دەیزانی خەون بە منەوە دەبینێت؟
ئەوە دەنگی ئەوە
ئەوە نووزەی ئەوە بانگم دەکات
ئەوە بۆ هەڵمی هەناسەکانت دەبینم و خۆت نا؟
بۆ شوێنپێی هەنگاوەکانت دەبینم و خۆت نا؟

تۆ دەتگوت: دوای ئەو بۆنە بکەوە کە لە
تەنیاییمەوە هەڵیکردووە
ئەو تارماییەی لە شکانمەوە وەریوە
من دەمگوت: ئەو هەموو وێنەیەم بۆ ناخرێتە
یادەوەریمەوە

ئەو ڕێگە دوورەت بۆ پێ بڕیم؟
ئەو ئاگرەت بۆ لەماڵەکەی مندا کردەوە؟
تۆ چۆن وێرات بێیتە باخەکانی منەوە؟
بۆ باڵندەکانی خۆت تێبەردام؟
بۆ باڵندەکانی خۆت تێورووکاندم پاشا؟
ئەو سەفەرەم لەگەڵ تەواو بکە پاشا
با ئەم چیرۆکە نەبڕێتەوە
با نەهێڵین وەک سێوێک دووکەرت بین

بۆنی سیگار و شەراب و وڕکی تۆ ئەو دارستانەی تەنیبوو
من تا لێت نزیک دەبوومەوە ئەژنۆکانم زیاتر دەلەرزین
تا ئەو بۆنە تیژتر دەگەیشتە لووتم
گێژتر دەبووم
دەنگێک بە دارستاندا بڵاو بووەوە
گۆرانییەکان شکان

کێ دەیزانی زامەکانی ئەو چ ڕەنگن؟
کام گوڵ باشە بۆی بکەیت بە هەتوان؟
کەس نەیزانی، کوا؟ کەس نەیزانی!

ئەو لەژێر هەورێکدا بە دیار پیریی خۆیەوە
هەڵکورمابوو
دەیگوت: من دەمزانی دێیت
چاوەکانی بەو هەموو فرمێسکەوە هەڵدەدایە سەر
ڕووخسارم و
دەیگوت: سەرگەردانیی خۆمان بوو تووڕی داینە
ناوەڕاستی جەنگەکانەوە.
من دەمگوت: تەنیا تۆزێکتم نیشان بدە
تۆزێک لە ئێخەی کراسەکەت
یان لەپی دەستت
ئێرە تاریکە ئاخر گورگەکان دەمخۆن...
تۆ وەنەوشەت دەچنی
گۆرانیت دەگوت
دەگریایت و کوفرت دەکرد
نەمناسیتەوە
ئاخر ئێستا تەنیاییت بەسەر ڕەنگێکی تردا
دەڕوانێت
ئەوە تۆ بوویت دڵی خۆتت ون کرد پاشا
ئەوە تۆ بوویت

ڕۆژە درێژەکان بێرەدا ڕەت بوون
سەربازەکان بێرەدا نائومێدییان پرژاند
من دەچوومە زیارەتان
بەردی وردم دەنا بە کێلی پیاوچاکانەوە
بۆ یەکەم بەرد خواستم ببمە دەزگیرانی پاشا
بۆ دووەم بەرد لەژێر دارهەرمێی نزیک ڕوبارەکە
ماچم بکات
بۆ سێیەمیش منداڵێکمان ببێ و ببێتە جەنگاوەر

دەنگی دەف و حیلەی ئەسپ
لە دارستانەکەدا دەنگی دەدایەوە
بە تەنیشت درەختێکدا ڕەت بووم
هەناسەم توند بوو؛ زریکاندم
دڵ و تیر منی کوشت

گوڵ خۆی دابوو لە تەل
با بۆنی نارنجی بڵاو دەکردەوە
بارانی ئەو ئێوارەیە سەوزرەنگ بوو
خاڵخالۆکە دەچوو بۆ ماڵی خاڵی
سمۆرە گوێزی بۆ زستان دەشاردەوە

چاوەکانی ئەو هەنگوینی
لێوەکانی ئاڵ
قژی ڕەشێکی
خۆیشی
وەی‌ی‌ی‌ی...

کراسەکەی دڕابوو
ناوی خۆی بیر چووبووەوە
زوو زووش داوای ماچی دەکرد
تا بەرەبەیان بە دیاریەوە ئێشکم گرت
گوڵەهێرۆم بۆ کرد بە دەرمان
چای سیلانم بۆ لێنا
زوو زووش ماچم دەکرد و بە گوێیدا دەمچرپاند:
ئەوە بۆ ئەوەندە مەرگ نزیکە؟
ئەوە بۆ ئەوەندە جەهەننەم نزیکە؟
ئەی تۆ بۆ ئەوەندە دووریت؟

ئیتاڵیا- 2006



# یاربوونەوە لەگەڵ نیشتیمان

بۆ تۆ هاجەرە

من بە هاوڕێیەکەم دەگوت:
مشتێ خۆڵی نیشتیمانم بۆ بێنە دوای بارانبارین
دەمەوێت لێرە لە ژوورەکەمدا نیشتیمان دروست بکەمەوە

من بە گریانەوە دەمگوت
دەزانم ئێستا نیشتیمان سەری بەستووە
ئاخر ئەو سەری دێشێت
نیشتیمان دەستی بە پشتییەوە گرتووە؛
دووگیانە ئەو

ئێستا نیشتیمان شەوانە ناخەوێت
ئەو تا درەنگ پانتۆڵ و کراس بۆ منداڵەکەی
دەدوورێت
تۆ بیرت نایە بۆ ئێمەشی دەدووری؟!

ئێستا نیشتیمان دەستی بە پشتییەوە گرتووە؛
دووگیانە ئەو
ئێواران تەلەفۆنێک بۆ مێردەکەی دەکات و
داوای لێ دەکات شەربەتی مێوژی بۆ بێنێتەوە
بیرت نایەت
بەسەر منیشەوە بێزووی بە مرەبای هەنجیرەوە
دەکرد؟

من دەزانم ئێستا نیشتیمان پێڵاوی بەرز لە پێ
ناکات
ئیتر پانتۆلی تەسک بە بەریدا ناچێت
نیشتیمان نیوەڕوان دەچێتە
**سابوونکەران**
بۆ کڕینی کیلۆیەک تەماتە و دەسکێ نەعنا

ئەو عەسرێکی تاریک دەکەوێتە سەر ژان
ئیتر مامانێک دەست ناکەوێت

ئازارشکێنێک شان ناخاتە ژێر باڵی
ژنێکی دراوسێ نایەت و عارەقەی نێوچاوانی
بسڕێت
نیشتیمان تەنیا منێکی لێ دەبێتەوە و
هیچ مێردێکیش لە پشت سەریەوە ناوەستێت
وای لە تەنیایی نیشتیمان!

تۆ بیرت دێت؟
ئەو ئێمەی بەو هەموو ژانەوە لێ بووەوە و
ئێمەش کە گەورە بووین
وڕکی بووکەشووشەی گران
بۆنی گران و عەشقی گەورەمان لێ دەگرت
من سووراوی پەمەیی نەبوایە نەمدەویست
خوشکەکەم گوارەی سوور نەبوایە نەیدەویست
من بۆ لەپێکردنی تەنوورەیەکی کورت
هەزار جار دەمقیژاند بە سەریدا

نیشتیمانی هەمیشە چاوتەڕم
من نەدەبوو تووڕە ببم لێت
ئەو کاتانەی گسکم دەدا و
ڕەشەبایەکت ماڵەکەی پڕ دەکردەوە لە گەڵا و خۆڵ
گێژەڵووکەیەکت دەمی خونچەکانی دەقرتاند و
دەڕۆی

نا نەدەبوو چەمۆڵەت لێ بنێم ئەو کاتانەی
عەباکەت دەدا بە سەرتدا و
دەچوویت دوو کولێرەی گەرممان بۆ بێنیت

تۆ بڵێییت
نیشتیمان پشتمان تێ نەکات کە گەڕاینەوە؟
تۆ بڵێییت هەر هیچ نەبێت کۆڵانێکیمان نەداتێ
بۆ چاوشارکێ؟
بەردێک بۆ خەتخەتێن؟
تۆ بڵێییت؟

من شەوێک لە خەومدا
پیر بووبووم، نیشتیمانیش گەورە
نیشتیمان خەنەی لە پرچی دابوو
نینۆکەکانی تازە بۆیە کردبوون
چاوی ڕشتبوو
بە چەتاڵ نانی دەخوارد
ئیتر نیشتیمان کچێکی بچووکی عەیار نەبوو
ئەو کەیبانووی ماڵ بوو
نیوەڕوان چێشتی لێ دەنا
عەسران گوڵەبەڕۆژەی دەبرژاند و
چا و کولیچەی بۆ میوانەکانی دادەنا

شەوان نامەی بۆ دەزگیرانەکەی دەنووسی و
گۆرانی دەگوت:
من بووم مشتەری خاڵ بێخەوشەکەت
من بووم بەسەر گەرد گەردی کەوشەکەت [1]

نیشتیمان ئیتر منداڵەکەی جاران نەبوو
ئەو کە دەرۆیشتە دەرێ
قژی شانە دەکرد
مکیاژی دەکرد
بۆنی گرانبەهای لە سنگ و مەمکی دەدا
پێڵاوی بەرزی لە پێ دەکرد و
هەر جارێکیش لە ماڵ دەچووە دەر
تەنوورەکەی تا سەر ئەژنۆی کورت دەکردەوە

کۆڵەپشتەکەی نیشتیمان پڕ بوو لە نامەی نهێنی
پڕ بوو لە پیلانی ڕەدووکەوتن
وای لەو هەموو کوڕەی بەیانیان بە **جادە چۆڵ و سێبەر بوو**
بە ڕێیان دەکرد و ئەو پیاوە سەرسپییانەی
ئێواران بە سەرخۆشی دەیانهێنایەوە
نیشتیمان کچێنیی لە شەڕی ئەو دوو برایەدا بە زۆر برا

که به منداڵی له ڕیزەکانی پێشەوەی ڕۆژانی پێنجشەمەدا پێکەوە دەوەستان و **ئەی ڕەقیب**یان دەچڕی

شاعیرێک دەڵێت
له دڵی هەر سۆزانییەکدا نیشتیمانێکی شاراوە هەیە،
ئەو شاعیرە خۆی کوشت ئەو کاتەی لە نامەیەکدا
بۆی نوسرابوو
له دڵی نیشتیمانیشدا یەک دنیا سۆزانی!

دەڵێن ئێستا نیشتیمان دڵی بە پیاوەکانی خۆش
نییە
هەمیشە سیگارەکانی بە ددان دەگرێت و نامەی
بێشومار بۆ خۆشەویستەکانی دەنێرێت

نیشتیمان بە دڵشکاوییەوە
سواری پاس بوو
لای ماڵی ئەو کچە قەیرەیەوە دابەزی
کە پیاوی بە نەحلەت کردبوو
دەستی بۆ ژنان دەگرتەوە
ئەو کچە کە دەمی پڕ بوو لە مێو و بنێشتی کوردی
دەیگوت:

تۆ حەوت شوو دەکەیت!
ئەوەتا دەستت پڕە لە حەوت هێڵی خواروخێچ
منداڵەکانت باوکیان ناناسن.
هیچیان چاوەزاریان لە ملدا نابێت،
کە گەورەش بوون،
پەیتاپەیتا تف ڕۆ دەکەن و
جنێو بە نیشتیمان دەدەن.
کێ بوو گوتی: زەڕەیەک خاکی وەتەن نادەم بە قەسری قەیسەری؟ [2]

نیشتیمان ئێستا فێری حەشیشکێشان بووە
بە گۆزە شەراب دەخواتەوە و چواردەوری پڕ بووە لە منداڵی زۆڵ!

نیشتیمانی هەمیشە چاوتەڕم
تۆ نەدەبوو تووڕە ببیت لێم
ئەو کاتانەی دەگەڕامەوە ماڵ و
بە هەنگەشەلێ ڕام نەدەکرد
بۆ لای کولانەی مریشکەکان
نەمدەگوت ئای جووجە جوانەکان
وا جۆم هێناوە بۆتان

که دۆی دادەش دەڕژا هێندە پێدەکەنیم
وەک کیسەڵ لەسەر پشت دەکەوتم

خۆش ناکاتەوە
نە منداڵیم
نە پیربوونی نیشتیمان
نە عەشقی من
نە ئامۆژگارییەکانی داپیرە؛
خۆش ناکاتەوە

کاڵ نابێتەوە
ئەم دڵە گەرمەی من
ئەو لێوە ساردانەی تۆ؛

داکە ئەی خەم
پەڵە بە ئەی گریان
من هێشتا
بۆنی ساوەری سوور و پەنجەکێشی و
ڕێحانەی باخەکەی ماڵی نەنکمم لێ دێت
هێشتا بۆنی گەیینی هەنجیرێکت
بە دەردێکم دەبات دەرمانی نەبێت لە دووریت

خەریکە بێ ئارام دەبم
خەریکە عەشقت نەخۆشم دەخات و
دەمکاتە **شیرینە شێت** [3]

سەرم گەرمە؛ تووڕەم مەکەن
دەنا خوا هاوار
لە بەردەم پیاوەکانی **شەعب**دا خۆم ڕووت
دەکەمەوە
لە بەردەم سەرکردەکانتاندا خۆم ژەهرخوارد
دەکەم
خۆم دەخەمە **تەنوورە**کەی ماڵی **باجی سۆیبە**وە

سەرم گەرمە و تووڕەم مەکەن
دەنا پەنجەتووتەی دەستی ڕاستم بەرز دەکەمەوە
بۆ لای لێوم و
تفێک ڕۆ دەکەم
تا پێش وشکبوونەوەی هەمووتان کەچەڵ بن
ئاشت نابمەوە
تا ئەو کاتەی نەنکم سینییەک ناوساجیم پێدا
دەنێرێت و
دەڵێم ئەمە گەر خێر نەبوایە بۆ مامە شەهیدەکەم
سەرم بە ماڵتاندا نەدەکرد

تووڕەم مەکەن
دەنا لە شەوی **بەرات**دا لەگەڵ کوڕێک
ماچێک بە نوقڵێک دەگۆڕمەوە
گڕی مۆمێک بەردەدەمە خۆم
تا وەک داری عوود بۆنم بڕوات بۆ حەوت گەڕەک
دەنا لە سەربانی ماڵی خۆمانەوە بە دەنگی بەرز
بە دراوسێیەکانمان دەڵێم
ئازاری ئەم بێنوێژییەم دەمکوژێت
هەنگوینتان نییە؟

شەڕی من
لەگەڵ تۆدایە:
**ن ی ش ت ی م ا ن**
ڕێم بدە گەورە ببم
من ماندووم بە دەست چاوشارکێیەکانتەوە
بە دەست ماڵە باجێنەکانتەوە
ڕێم بدە گەورە ببم
شوو بە پیاوێک بکەم و بژیم
لێم گەڕێ:
**ن ی ش ت ی م ا ن**
لێم گەڕێ
بێ تۆ بژیم

بۆت دەگەڕێم و ناتدۆزمەوە
لە ماڵە دراوسێییەک دەپرسم و
کەس سۆراغت نازانێت

پێم دەڵێن:
تۆ بۆ نیشتیمان مەگەڕێ
ئەو چوو لەگەڵ سرووودەکانیدا خۆی بکوژێت

ئیدی بۆ گۆرانییەکی **مەردان** نەمکوژێت؟
بۆ برینی دڵی زەردی لیمۆیەکت سەرگەردانم نەکا؟
بۆ کراسی خوێناویی شەهیدێکت هەناسەم
لێ نەبڕێت؟
ئەی بۆ تابلۆیەکی برینداری **سەوز** [4] خۆکوشتنم
تێدا شین نەکات؟
تۆ لەچکەکەت بۆنی بوغورد و داوێنت بۆنی
شەهوەتی لێ دێت
پێم بڵێ بە چیدا بتناسمەوە؟

سەرم گەرمە و تووڕەم مەکەن
دەنا ئینجانەکانتان دەشکێنم
بە کیتەڵە نەوت دەڕژێنمە بن دارهەنجیرەکانتان

میز دەکەم بە قاچی جەللادەکانتاندا
بە کۆشکی سەرکردەکانتاندا

نیشتیمان وەک سێبەری خۆمی لێ هاتووە
هەر دەڕۆم و نایگەمێ
هەر دەڕۆم و واوەیلامە
هەر دەرۆم و دەگریم
هەر دەرۆم و حەی ئەڵڵامە

دەڕۆم و لەبەر خۆمەوە دەڵێم:
ئەم ئەسپانەت بۆ کوشت؟
ئەم ئاسکانەت بۆ دایە بەر ئاگری
حیلەبازیت؟

دڵی ئەم هەموو پەپوولەیەت بۆ شکاند؟
پەڕەسێلکەکانت بۆ خستە بەردەم پشیلەکانت؟

ئەم هەموو کارژیلەیەت بۆ کردنە قوربانی؟
با تووڕە نەبم
من لەگەڵ مانگەشەوێکی ئەوێ خەوتم و نیشتیمان
زیندانی کردم

خۆم بۆ درەختەکانی هەناران ڕووت کردەوە و
بەردبارانی کردم
باسی مەمکەکانم بۆ کانییەکی **هەڵووژان** کرد و
کردمیە سۆزانی

با تووڕە نەبم
من ئێستاش ستیانەکانم پڕن لە نامەی
کوڕانی شار
ئێستاش چاوەکانم پڕن لە چاوباشقاڵیی بەردەرگە
من ئێستاش بە دەسکێک فەریکەنۆکەوە تەنیاییم
پڕ دەکەم لە خەیاڵاندنی تۆ

سوید/ 2005- 2006

پەراوێزکان:


1- کۆپلەی یەک لە گۆرانییەکانی **ڕەفیق چالاک**ـە.

2- دێڕەشیعرێکی **فایەق بێکەس**ـە.

3- **شیرین**، یەک لەو ژنە شێتانە بوو، کە لە سلێمانی دەژیا.

4- مەبەست لە **سەروەت سەوزە**.

شين



شين

پیاوێک لە شەوێکی شیندا، لە پاسێکی شیندا
بە دەنگێکی شین پێی گوتم:
یەکەم جار کوێت ماچ بکەم؟
دواهەمین جار کوێت ماچ بکەم؟
تا ئەبەد کوێت ماچ بکەم؟

هەمیشە باران دەبارێت کە ئەو دێت
با پڕ دەبێت لە بۆنی گوڵی بادەم
مۆسیقا وەک جۆگەلە دەڕژێت

که ئەو دێت
من کچە کێوییەکەی ناو دنیای شیعر
بێ ئەوەی باڵەکانم دابکەنم دەبمە فریشتەیەکی
تەنهای ژێر باران
منی کچ، منی ناو قەڵای خەیاڵ
نازانم
ئەوەی دەملێسێتەوە لێوی تەڕی ئەوە، یان باران؟
ئەوەی وشکم دەکاتەوە، هەناسەی گەرمی ئەوە
یان ترسی خوا؟
ئەوەی ختووکەی گۆی مەمکەکانم دەدا
هەناسەبڕکێی ئەوە، یان سەبا؟
ئەوە دەنگی تکەتکی چۆڕانەوەی باڵەکانمە
یان دەنگی بارانی سەر پەنجەرەکەم؟
باران لە باڵەکانم دەتکێت
دنیایەک جۆگەلەی بڕۆنزی لە ڕووتوقووتیم
دەچۆڕێت

وەی خوایە!
چەند جوانە کچ بیت
چەند خۆشە ژن بیت

ئەو پیاوە شینەی لە شەوێکی شیندا
لەبەر وێستگەی پاسێکدا بینیم
لە بری خۆپێناساندن پێی گوتم:
"یەکەم جار کوێت ماچ بکەم
دواهەمین جار کوێت ماچ بکەم
بۆ ئەبەد کوێت ماچ بکەم."
لە بری خۆپێناساندن من سەرم خستە سەر شانی
و
ئەو شەوە لە ڕێی شاری شیندا
بۆ یەکەم جار شیعرێکی شینی بۆ خوێندمەوە
لە خۆشیاندا ماچم دەکرد و دەمگوت:
چەند جوانە ئەم شیعرانە
چەند ئەبەدین شینیەتیی ئەم ساتانە
ئەو دەیگوت:
با ماڵێکی نهێنی لەناو هەڵمی هەناسەکانی
هەردووکماندا
دروست بکەین
هەرچ کاتێک ویستمان بچینە ئەوێ و پەنجەرەکان
بخەینە سەر پشت
لە سەرهەڵبڕینماندا دەریا ببینین
لە گەڕان بە دوای گوڵێکی پەمەییدا ژێر هەورەکان
بگەڕێین

پیاوێک
شەوێکی شین
لە سەفەرێکی شیندا
لە بەردەم وێستگەی بۆنی گوڵێکدا کە چاوەڕوانی
با بوو
بینیم
باوەشی پێدا کردم و گوتی:
خوایە چەندە چاوەڕوانم کردی
پەنجەکانی خستنە قژمەوە و چرپاندی:
نابینی لە چاوەڕوانیی تۆدا من شین بووم؟

بۆنی عارەقەی سەر سنگی ئەو پیاوە لە پێستم دێت
کە دەچمە بەر پەنجەرەکە
هێشتا هەڵم لە باڵە تەڕەکانم هەڵدەستێت و
بە چاوی خومارەوە بە ڕووتی لەو شەوە شینەدا
هەردووکمان
دەبینم
بە شەپۆلی هەناسە شینەکانی
کچێتیم بزە دەیگرێت و چاوم دەکەوێتە سەر
خەیاڵ
من شلتر لە وەرینی توویەکی شیرین دەوەرێمە
سەر سنگی و


ئەو بە نووکی زمان
دەمخاتەوە بەینی لێوەکانی و
لێوڕێژ دەبم لە زەردەخەنە
مەمکەکانم خڕتر دەبن
مەمکەکانم نازی جوانی بەسەر خڕێتیی میوەکانی دنیادا
دەکەن
تووڵی سەبەتەی میوەکان لەتاو خڕێتیی مەمکەکانم
چرۆ دەردەکەنەوە

من لەژێر ئەو پیاوە شینەدا لەسەر ئاسمانی شینی ئەو شەوەدا
پاڵ کەوتبووم

وەک بۆڵێ ترێی ناو ئاوی شینی کانییەک
بە نووکی پەنجە دەیگرتم و
تەڕایی دەمژیم

هەناسە سپییەکانی من
تێکەڵ بە هەناسە شینەکەی ئەو دەبوو
من وەک دەریایەک
کە ماسییەکانی هەمیشە لەبەر ئاوێنەدا
سەیری خۆیان بکەن
ئەویش وەک ئاسمانێک
کە هەمیشە
پڕ بێت لە شەقەی باڵی باڵدارەکان
تێکەڵ بووین
تێکەڵبووین
ت ێ ک ە ڵ

سوید/ ٢٠٠٤- ٢٠٠٥



برڕژێرە تەنیاییمەوە

من ئیتر کەوتمە ڕاڤەکردنی تەنیاییەکانم و
لە شەقامە کوژراوەکانی جودابوونماندا
گێژ گێژ بەر خۆم دەکەوتم
وەک منداڵێکی گڕۆز سەرم دەکێشا بە سینگی
شیعردا و
هاوارم دەکرد:
بمگێڕەوە بۆ زەمەنێک بۆنی عەشق و
خۆبەختکردنی لێ بێت

من دەزانم ڕۆژێک دێت هێندەت بیر دەکەم
هەژارێکی پاکەتفرۆش ماچ دەکەم
هێندەت بیر دەکەم
لە بری شیعرەکانت قسەی هەلەقومەلەق دەڵێمەوە
هێندەت بیر دەکەم
سەرگەردانت دەبم

من دەزانم
بەم تەنیاییەمەوە شەڕی چۆلەکەکانم پێ ناکرێت
شەڕی شیعر و گریان
شەڕی شەو و بارانم پێ ناکرێت
هێندە نەبێت دوای تارمایی هەنگاوەکانت بکەوم
ئەو هەنگاوانەی دەشێت هیی تۆ بن و
نا
ئیتر من بۆ دەهری نەبم و
بۆ شەڕ بە خۆم و
بە دار و بەرد
نەفرۆشم؟

تۆ ڕۆژێک باڵندەیەک بنێرە بە شوێنمدا و
ڕایسپێرە
ئەو جانتایەم بیر نەچێت کە پڕە لە بۆنی قژە لوولەکەی خەندان و جەستە خوێناوییەکەی
ئیمپڕاتۆر

تۆ ڕۆژێک باڵندەیەک بنێرە و
ڕایسپێرە
گوێ بۆ منێک ڕادێرێت
کە سەرتاپام لێوانلێوە
لە وجوودی تۆ
باڵندەیەک بنێرە
تا من ئەو برینانەت بۆ تەفسیر بکەم
کە لە دووریت گوڵیان دەکرد و
منیان دەکوشت


من دەزانم ڕۆژێک دێت هێندەت بیر دەکەم
هەژارێکی پاکەتفرۆش ماچ دەکەم
ئیتر
ئێواران بە دوو عەلاگەی پڕ کتێب
بە دوو چاوی شکاو و
بە شەکەتترین جەستەمەوە

خۆم دەكێشم بە تەنياييەكانمدا
خۆم دەكێشم بە دەرگەی ژوورەكەمدا
بە جێيەكەمدا و
ئيتر دەمرم

ئيدی من هەر وا بووم
كە بيرم دەكرديت
بە دەم گريانەوە دەخەوتم و
نيوەی شەو بۆ ميكياژكردن
ڕادەپەڕيم

من دەزانم ڕۆژێک دێت هێندەت بير دەكەم
هەژارێكی پاكەتفرۆش ماچ دەكەم
هەژارێكی
پـ... ـا... كـ... ـە... ـت
فـ... ـر... ـۆ... ـش
من
دەزانم!

سويد- ٢٠٠٤



من و کەمانچەژەن

لەسەر پەنجەرەی ژوورەکەم نووسیبووی:
ئێوارەت باش تەنیاترین ژن!
لە نامەیەکدا بۆم نووسیبوو:
تەنیاییت باش تاقانەترین پیاو!
لەسەر دیواری ژوورەکەم بە خەتی عەشق
نووسیبووی:
هێندەی مشتێک خۆڵی نیشتیمان خۆشم دەوێیت
لە لێواری دیوانەکەیدا بۆم نووسیبوو:
تەنها ماچێکت بە هەموو عەرشی ئیمپڕاتۆرەکان
ناگۆڕمەوە

ئێوارەیەک
من لەودیو تەنیاییەکانمەوە
پێکەنینم بە پۆلێ مەل دەهات
کەچی تۆ هاتیتە بەردەرگەی ماڵەکەم و
کەمانچەت بۆ ژەنیم
بە دەنگی دێوانەیەک هاوارت کرد
تۆ پەردەی ژوورەکەت لادە
من نە فریای میکیاژکردن کەوتم
نە کۆکردنەوەی نامەکانی عەشق
ئێوارەیەک هاتیت و سەرجێیەکەمت پڕکرد لە بۆنی **ڕۆما**
کچێنیمت لێوڕێژ کرد لە نووری خۆت

تۆ کەمانچەت ژەنی و من گریام
تۆ کەمانچەت ژەنی و من سەمام کرد
تۆ کەمانچەت ژەنی و من جگەرەم کێشا

ئێوارەیەک
تۆ کەمانچەت ژەنی و
خۆت دا بە هەموو تەنیاییەکانمدا
کەمانچەت ژەنی و خۆت دا بە هەموو ژنبوونمدا
بە دەم گۆرانیچڕینەوە گوتت:

جلی ژێرەوەت کام ڕەنگە؟
کام بۆنت پێ خۆشە؟
سووراوەکانت تامی کام میوە دەدەن؟

بە دەنگی سەرخۆشی گوتت:
سەرێک بژەنە مەیخانەکەی من
وەرە ناو مەلهاکەی منەوە،
من بزەیەک گرتمی و بە گەرووی تەڕترین
هەنارەوە
گوتم:
تۆ ئەی پیاو خەنجەرەکانت فڕێ بدە
شمشێرەکانت فڕێ بدە
قامچییەکانت فڕێ بدە
ئەوکات وەرە جێیەکەمەوە
تۆ کەمانچەت ژەنی و گوتت:
من تەنها کەمانچەم پێیە و عەشقی تۆ
تەنها کەمانچەم پێیە و دڵی تۆ
تەنها کەمانچەم پێیە و شیعری تۆ
کەمانچەت ژەنی و گوتت:
تەنها ملوانکەیەکم پێیە و گەردنی تۆ

من به شیعرەوە گوتم:
ئەی پیاوە ڕەشتاڵەکە
ئەی پیاوە کەمانچەژەنەکە
من هەر ئەم ئێوارەیە تاڵانت دەکەم
هەر ئەم ئێوارەیە وێرانت دەکەم
دەتدزم بۆ خۆم و لە تەنیاییەکانمدا ونت دەکەم
ئیدی من
دەبمە
کەمانچەی تۆ

سوید- ٢٠٠٣



کوژراوەکان

جاران دەبوو
کوژراوەکان زیندوو بکەمەوە
لە وێنەکانیان بیانهێنمە دەرەوە و
لەسەر خوانی شاعیرانەی خۆم داوەتیان بکەم
ڕۆژگارێک دەبوو
ناوی ئەوان لەسەر کێڵەکان ڕەش بکەمەوە
بانگهێشتی ئەو ئاهەنگانەیان بکەم
کە **زوڵەیخا** بە دەنگە ژنانەکەی جۆشی دەدان
وایان لێ بکەم کوژرانی خۆیان لە بیر بکەن
بکەونە ناو ئەو ڕەشبەڵەکەوە و
خوێنی خۆیان بیر بچێتەوە

من دەبوو وا بکەم
دڵی زامداریان بە ڕوانین لە مانگی چواردە نەشکێت
نەهێڵم زوڵمەتی شەو ببینن- بەسەر ڕۆحی
شەونمەوە

من وام دەکرد لاشەی گەرمی خۆیان لە بیر بکەن
و
لەناو منەوە شەڕەکانی خۆیان تەواو بکەن
بووم بە مەعشووقەکانیان
نامەی دڵداریم بە ماچی سوورەوە بۆ دەناردن
پرچی خۆم دەبڕی و بۆم دەکردنە ناو دەستەسڕی
گوڵگوڵییەوە

**بەردم**
بە سەفەر ناردبوو بۆ سەر ئەستێرەیەکی تر
نەبادا **دوعا** دڵی ڕاچەنێت بە بینینی،
شمشێرە بریقەدارەکانم دەگەڕاندەوە ناو
کالانەکانیان
وام دەکرد جارێکی تر لە کۆڵان لە شەوانی هاویندا
کۆ ببنەوە و شیعرەکانی **مەولانا** بۆ یەکتری
بخوێننەوە

کاتژمێرەکانم بەبەر چاوی خۆیانەوە دەگەڕاندەوە
بۆ سەردەمی **اصحاب الكهف**
بۆ ئەوەی تێبگەن ئەوان نەمردوون
پەیتا پەیتا سوێندم بۆ دەخواردن تا باوەڕ بێنن
ئەوان لەناو زەمەن و ڕۆژەکانی ئێمەدان و هیچ
شتێک نەگۆڕاوە
باوەڕم پێ هێنابوون ڕابردووی خۆیان لە بیر
بکەن
دەست بکەن بە کارکردن و ماڵومنداڵیان
بە خێو بکەن
هەریەکێکیان ئیشێکیان هەبوو
هەندێکیان بازرگان بوون و ئاوریشمیان لە چینەوە
دەهێنا
مەسیح بوون و بەو دەستە پیرۆزەیان
ڕووناکییان دەگەڕاندەوە ناو چاوان
باوەڕم پێ هێنابوون
ئەوان بۆ ئەوە کوژراون بێنەوە ناومان
بۆ ئەوەی بگێڕنەوە
بۆ ئەوەی دەستمان بگرن و بمانبەنەوە ناو
یادەوەرییەکانی خۆیان
ببنە چرا و لەناو جەنگەڵەکاندا ڕێنیشاندەرمان بن

نەبادا ون بین
نەبادا گورگەکان بمانخۆن و
کەس نەبێت کراسی خوێناویمان بۆماڵەباوان
بەرێتەوە
لەناو مندا جارێکی تر دەژیان
لەژێر پێستی تەنک و سپیی ژنانەمەوە
هەستم پێ دەکردن

هەندێکیان خۆیان بیر دەچووەوە
لە شۆڕشگێڕەوە دەبوونە گۆزەگەر
دەبوونە پەیک و نامەی جۆرە ژیانێکی تریان
دەگەیاند
وام دەکرد مردنی خۆیان بکەنە ئاواز و
ببنە گۆرانیبێژ
بەو دەنگە زوڵاڵەیان شووشەی بادە و گوڵدانی
سەر مێزەکان
بشکێنن
نەبادا هاواری خۆیان بیر بێتەوە ئەوکاتەی خەنجەر
پێکاونی

دەبوونە گەوهەرفرۆش و تەلاناس
لە دەریاکانی **ئەتێن**ـەوە مرواریی ناو سەدەفیان
دەهێنا و
بە نرخێکی گران بە ئێمەیان دەفرۆشتەوە

دەبوو من نەهێڵم ئەو خوێنە ببینن
کە وەک یاقووتی گەردنی شازادەکانی **ئەستانە**
دەدرەوشایەوە
وا بکەم ژیانێکی ئاسایی بژین
ببنە باخەوان
ببنە جووتیار و
ئەو خوێنە نەبینین کە وەک تۆزی دوای شەنکردن
لە دوای خۆیانەوە لە هەوادا جێی دەهێڵن
من کوژراوەکانم دەلاواندەوە
بە تەنیا من لەناو خۆمدا بە خێوم دەکردن

ئەسپە سنگ زامدارەکانیانم بۆ زین دەکردن
خاچەکانیانم دەخستە سەر شانی خۆم
وێنەی ئازارەکانیانم لەناو چاوانی خۆمدا
هەڵدەگرت

خەونەکانیانم بۆ تەواو دەکردن تا دەکەوتنەوە
سەر پێی
خۆیان
تا وەک زیندوویەک مامەڵەیان دەکرد

ڕۆژێک جادوگەرێک سێوێکی سووری دامێ و
گوتی:
کیژی من کوژراوەکان مەلاوێنە
مەیخەرەوە دڵیان نیازی ژیان
مەهێڵە لەناو تۆدا گەرا دابنێن
دڵی زامداری ئەوان هیی هەتوان نییە
ئەوان ئەهلی ئەڤین نین
ئیدی ئەو سێوە نەفرەتییە منی گۆڕی
وەک چۆن خودا مەسیحی لەسەر خاچەکەی
بەجێ هێشت
لەگەڵ یەکەم نەسیمی بەیاندا منیش کوژراوەکانم
بەجێ هێشت

سپێدەیەک ئەو کاتەی زەوی کەوتبووەوە ژێر
قورسایی
تەم و شەونمەوە

ئەو کاتەی کچەکەم خەونی دەبینی
پیاوێک لەناو باراندا بانگی کردم
من کە کوژراوی عیشوەی تۆ بووم
بۆ بەجێت هێشتم

لەناو دارستانەکەدا
دەستم لەسەر دەمم دانابوو دەگریام
دەترسام بمکوژن
بەڵام کوژراوەکان ئازاری کەس نادەن
دڵی کەس ناڕەنجێنن
تەنیا عاشق دەبن و گۆرانی دەچڕن

ئێوارەیەک لەناو زەردەپەڕدا کوژرابوو
لەناو جەنگەکاندا بە دوای جەستەی خۆیدا گەڕابوو
تا بیهێنێتەوە بۆ من
تا پێم بڵێت کە هێشتا خۆشی دەوێم
من بۆ نەمرم
ئەو گەیشتە لام و
بە ئاستەم گوێم لە دەنگی بوو
قژی درێژ بوو
بە پێغەمبەرەکان دەچوو
خەریک بوو نەیناسمەوە

خەریک بوو پێی بڵێم
ناتوانم ئێواران غەریبە بەرمەوە بۆ ماڵەکەم
من چوزانم ئەوە دڵدارەکەی خۆمە؟
چوزانم ئەوە پێغەمبەرەکەی خۆمە؟
دەستی گرتم و
کەوتە باوەشمەوە
من توند نووساندم بە سنگمەوە
چاوەکانم داخست و کەوتمە ناو یادەوەرییەکانیەوە
بە خەنجەرە نقێمدارەکەی دەستییەوە
کە خوێن و عەزابی لێ دەچۆڕا
بردمیەوە ناو شەڕەکانی خۆی
پەلکێشی ناو تووڕەییەکانی خۆی کردم
من کە عاشقی چاوی خەمبار و ڕیشی زبری بووم
هیچ لە جەنگەکان تێنەدەگەیشتم
لە بری ئەوە ماچم دەکرد
باسی ئەو دیارییانەم بۆ دەکرد کە دوای سەفەری ئەو
کوڕانی شار
لە ئێران و توورانەوە بۆیان دەناردم و
من باکم نەبوو سەیریان بکەم
باسی ملوانکەی زیویی **ئەرمەنستان** و
حێل و مێخەکی **ئەسفەهان**م بۆ دەکرد

تا بزانێت من هیچ لە شەڕ تێناگەم
من ژنم و دڵم بە سووراوکردنی بەر ئاوێنە خۆشە
دڵم بە کراسی ئاوریشم و مێخەکبەند خۆشە
دڵم بەوە خۆشە لەژێر باراندا لەگەڵمدا بێت و
ئەو لێوانەم وەک چوکلێتی جەژن بخوات
ئەو لە شاری خوێنەوە گەڕابووەوە
بە دیاری دەستەسڕێکی سووری بۆ هێنابووم
دەیگوت: لە یادم نەکردوویت
ئەوە ئەڤینی تۆ بوو منی بە زیندوویی هێشتەوە

من دەگریام و دەمگوت:
نا ئەڤینی من کەس بە زیندوویی ناهێڵێتەوە
من دەزانم نازی چڵەڕێحانەیەکی تەڕ
دەتوانێت زامدارەکان بە زیندوویی بهێڵێتەوە
دەزانم بۆنی ڕەزێکی تەڕ
دەتوانێت ڕۆح بێنێتەوە بەری مرۆڤ
دەزانم خاڵخاڵۆکەیەک بەسە
خاڵێکی خۆیت بۆ بکات بە هەتوان و
جارێکی تر بگەڕێیتەوە ناو ژیان
بەڵام ئەڤینی من نەفرەتە؛
کەس زیندوو ناکاتەوە

ئەڤینی من
خەمباری وەک ژەهر
بەناو دڵی پیاواندا بڵاو دەکاتەوە
نامورادیان دەکات
ڕیشیان پێ درێژ دەکاتەوە
دەف و باڵەبانیان پێ دەژەنێت
ئەڤینی من کەس زیندوو ناکاتەوە
بەڵام ئەو هیچ تێندەگەیشت
گۆرانیی دەگوت و دەگریا
من کە دەمزانی ئیدی کوژراوەکانم بۆ زیندوو
ناکرێنەوە
جارێکی دی ناتوانم لە وێنەکان بیانهێنمە دەرەوە و
ناویان لەسەر کێلەکان ڕەش بکەمەوە
ئەو پیاوە عاشق و چاوخەمبارەم
لەگەڵ یەکەم نەسیمی بەیاندا
بەجێ هێشت
وەک چۆن خودا مەسیحی لەسەر خاچەکەی
بەجێ هێشت

سوید- ٢٠١٢



جوانی لە هیچ شوێنێک نامێنێتەوە

دڵم دەنێرمە شوێنێکی دوور
دەینێرمە **ئەمێلیا**
با ئەو هەموو جوانییەی ئەوێ بیشکێنێت
لەسەر قەڵایەکی بەرزی دوورەدەست
بەجێی دەهێڵم
با بکەوێتە خوارێ،
دەینێرمە دارستانێکی چۆڵ و شێدار
با گورگ بیخوات

لای **باران**ی هاوڕێم کۆڵێک زەمی دەکەم
برینی کۆنی دەکولێنمەوە
ئەوجا چاوەکانم دادەخەم و
بە دەنگێکی کچانەوە تێر بۆی دەگریم

لای جادووگەرێکی گەڕۆک دوعای ڕەشی
لێ دەکەم
با کەروێشکەکانی لەبەر تەرزەدا بمرن
چۆلەکەکانی بە ئاسمانەوە بکوژرێن
ئینجانەکانی لە بری گوڵ تەنیایی بگرن

بەڵام من بۆ دڵم نەخەمە ناو بیرێکی تاریکەوە
کە فڕینی خاڵخاڵۆکەیەک نەیهێنێتە لەرزە
کە ڕوانین لە بەچکە مارمێلکەیەک نەیهێنێتە سەر
ئەو بڕوایەی
ژیان سەرەڕای هەموو شتێک جوانە
کە نەزانێت مانگەشەو بەسە بۆ ئەوەی بە عاشقی
بمێنینەوە

بە توورەیی خۆمدا شۆڕ دەبمەوە
باوەڕ دەهێنم کە دەکرێت هەموو شتێک باشتر بێت
هەر بۆ ئەوەی میهرەبانتر بنوێنم بەرانبەر بوون
وێنەی مەسیح و خاچێک
بە دیوارێکی کۆندا هەڵدەواسم
لەسەر گۆڕی دوژمنەکەم هەندێک دوعای خێر
دەکەم
باوەڕ دەهێنم تەنیا یادەوەری دەمێنێتەوە

وەک گورگێکی خەمبار
هەموو شتێک بەجێ دەهێڵم و دەڕۆم
با ژیان ناشرینتر بێت
با هیچ شتێک وەک خۆی نەمێنێتەوە
با ئەوانەی خۆشیان دەوێم
دوای من تەنیایی ناوسکیان بخوات

ئێوارەیەک ئەو کاتەی باڵندەکان دەگەڕێنەوە و
دڵی من نا
من دەکەومە هێڵنجدان
ئیتر بێ سێ و دوو دەزانم دووگیانم
بێ سێ و دوو دەزانم منداڵێک دەخەمەوە هیی
ئەم سەردەمە
نییە

کراسێکی سەوزی درێژ لەبەر دەکەم
بەناو باخێکی تەڕ و عاشقدا تێدەپەڕم
ماچی هەموو گوڵەکان دەکەم
بانگی هەموو کرمەکانی ژێر خاک دەکەم
تا هەست بە مانەوەی خۆم بکەم

بەو ئاوێنەیە سەیری خۆم دەکەم
کە دەزگیرانەکەم لە شەوی بووکێنیمدا دایە دەستم
من بە جوانیم دەگوت:
جوانی، تۆ ئالێرەدا بمێنەوە، توخوا ئەگەر لێرەدا
نەمێنیتەوە
بەڵام جوانی لە هیچ شوێنێک نامێنێتەوە
لە ئاوێنەی هیچ کامماندا ئۆقرە ناگرێت
ئیتر با کەس پێم نەڵێت بۆ دڵت دەخەیتە بیرێکی
تاریکەوە
با کەس پێم نەڵێت جوانی لە ئاوێنەکاندا دەمێنێتەوە

بەریتانیا/ سوید- ٢٠١٠



به پێچەوانەی میلی کاتژمێر

لە وێنەکان دێینە دەرەوە
خۆمان دەچینەوە ناو ڕابردوو
کاتژمێرەکان دەگەڕێنینەوە دواوە
دەست دەخەینە ئیشی سبەینێوە
بڕیار دەدەین بە خوێنی خۆمان دنیا بگۆڕین

با بە ڕۆژەکانماندا بچینەوە
سپێدە ڕازی بکەین بەسەر ئەم برینەدا تێنەپەڕێت
با هەموو شتێک بچێتەوە جێی خۆی
دڵ **شکان** بخاتەوە ناو خۆی
**با** تووڕەبوونەکان بخاتەوە ناو خۆی
ئەستێرەکان درەوشانەوە بخەنەوە ناو خۆیان
با ئاوازەکان بگەڕێنەوە ناو دەست و پەنجەی
موزیکژەنەکان
با گۆزەکان ببنەوە قوڕ و خۆڵی بەردەم
گۆزەگەرەکان
با ئەم دڵەی من بگەڕێتەوە ئەو ئێوارەیەی تێیدا
لەرزی
با ژیان میهرەبانتر بێت

ئیتر کە هەموو شتیک گەڕایەوە جێی خۆی
کە ژیان میهرەبانتر بوو
من یەکەم نامەی خۆمت بۆ دەنووسم
پێش ناردنی بە دەستێکی سیحراویدا؛
ماچێکی درێژی دەکەم
سێ جار دەینێم بە سنگمەوە و
دوعا دەکەم بەبێ هیچ موقەدەرێک پێت بگات


لە وێنەکانم دێمە دەرەوە
دەست دەخەمە سەر ڕۆژێک کە دەبوو تۆم تێدا
ناسیبا
ڕۆژێک کە دڵم خێراتر لێی دا و قسەم بۆ تێدا
نەدەکرا
ئیتر لەگەڵ خۆرهەڵهاتندا هەموو شتەکان دەگۆڕین
من زووتر بێدار دەبم
ئینجانەکانم ئاو دەدەم
لە چۆلەکەکانم دەڕوانم
تۆ لە نێوان
درەختەکاندا
دەردەکەویت
ئەوە ئەو کاتەیە کە هەموو شتەکانی گەردوون
دەچنەوە شوێنی خۆیان
میوەکان لە کاتی خۆیاندا پێ دەگەن
باران لە کاتی خۆیدا دەبارێت و
مەلاکان لە کاتی خۆیاندا بانگ دەدەن

گەردوون هەڵەی کرد منی لە هەمان سەردەمدا
دروست نەکرد
منی نەخستە ئەو کۆڵانەوە کە تۆ تۆپانێت
تێدا دەکرد

ئەو ژوورەی تۆ تێیدا **کلیلە و دمنەت** دەخوێندە و
سەرت لە چارەنووس دەسوورِما!
ئەو حەوشەیەی تێیدا باڵق بوویت و
ئەو بەردەرگەیەی
فێری ڕوانینی کردی

بەڵام ئێمە دنیا دەگۆڕین
ڕۆژەکان دەگەڕێنینەوە شوێنی خۆیان
سارێژبوون دەخەینەوە سەر برین
**گەیین** دەخەینەوە ناو هەناوی میوەکان
**مانگ** دەخەینەوە ناو ئاوی جۆگاکان
توخودا با شازادە **ئۆفیلیا** نەزانێت
ڕۆژگارێک دڵمان شکاوە و
ژیان یەکی لێ شاردووینەتەوە
با نەزانێت خوێنمان داوە بۆ یەکتردۆزینەوە
کە ئەو زانی ئێمە خوێنمان داوە بۆ یەکتردۆزینەوە
ئیتر لە وێنەکانیش بێینە دەرەوە
ڕابردوو هەروەک خۆیەتی

بەریتانیا- 2009




ئەمشەو

ئەمشەو ڕەنگە ئەو شەوە بێت
کە من سەفەری ناوادەی مەرگی تێدا دەکەم
هەناسەکانم وەک پۆلێک کۆتری بریندار دەنیشنەوە
و
هێدی هێدی دەخنکێم
ئەمشەو ڕەنگە ئەو شەوە بێت
کە ئاگری جەستەی من دەکوژێتەوە
دڵم دەبێتە مۆمدانێکی سارد

ڕەنگە ئەو شەوە بێت
کە خارخار دەوەرێم و ئیتر خۆم بۆ کۆ ناکرێتەوە
پەپوولەی ڕۆحم دەبێتە گەرد گەردی سەر ڕووی
پەنجەرەکان
ئەمشەو ڕەنگە ئەو شەوە بێت
کە فریشتەکان لە سەما دەکەون
بولبولەکان لە جریوە و کەروێشکەکان لە گەمە

ئەمشەو ڕەنگە ئەو شەوە بێت
کە ئیتر ئەستێرەکان بێ من بدەرەوشێنەوە و
تریفەی مانگ بێ من بڕژێت
ڕەنگە بۆنی سووتانی من وەک هەور بکشێت
وەک هەور بگری
وەک هەور ببارێت و بگاتە هەموو جێ

سوید- ٢٠٠٣




سێبەری دەستەکانی

گوڵەکان خەوتوون
پەردەی ژوورەکەم باوێشک دەدا و
هەست دەکەم ئاوێنەکانم لە عەشقدا پیر بوون

باران نەرم دەبارێت
شەونم لەژێر لێوەوە پێدەکەنێت
ئەوە عەشقە فێری ناسینەوەمان دەکات
ئەوە یاری منە بۆنی قەزوانی تەڕی لێ دێت

دەست دەخەمە سەر دڵم و
بە خەمساردیی ڕۆژەکاندا تێدەپەڕم
من پێویستە بڵێم:
هەبوونی ئەو
هەبوونی گەردوونە

سوید- 2006



سێبەری یادەکانی

من چاوم دادەخەم و لە هەوادا خۆم دەجوولێنم
عەبا ڕەشەکەی نەنکم لە بادا
ڕادەکات
لە خۆی دەئاڵێت
لوول دەخوات و
دەکەوێت

بۆنی نەنکم بە کۆڵاندا
بە ماڵاندا
بە مزگەوت و
نانەواخانەکاندا دەگەڕێت
منداڵیم ڕادەچڵەکێت

وای من چەند بیری چایەک دەکەم
کە دەستێکی پیر و لەرزۆک بمداتێ
بیری لەتێ نانی تیری
ساوەری سوور و
گەنمەکوتاو
بیری پاککردنەوەی بلووری ئەو چرایانەی
هەمیشە لە دەستم دەخزان
دەکەوتن
ئازاریان پێدەگەیشت و دەشکان
من بیری شکانیان دەکەم
بیری درزتێبوون و هاڕەکردنیان

من بیری چاوداخستن دەکەم
لە بەردەمی تۆدا
تۆ کە هەمیشە لای منی و
کەچی هێشتا بیرت دەکەم

بەریتانیا- 2007



# شتێک لە دڵی مندایە

بۆ زانا

سپێدەیەک ڕادەبم و دەگەڕێمەوە سەرەتا
دەکەومەوە دروستکردنی یەکەم ئەستێرە
بە نووکی خەنجەرەکەم ئەوەی زیادەیە لە هەیڤ
دەیکەم بە ئاوێنە
لەژێر درەختێکی مۆردا دادەنیشم و
بە دیار یەکەم وێنەی ڕەشوسپیی خۆمەوە دەگریم
داهاتووی خۆم لە کرمێکی ژێر دەپرسم
بێ ئەملاولا پێم دەڵێت
نهێنییەکم دەبێت
دەمداتە بەر نەفرەتی خۆی
گەنجێتیم لە نێوان عەزاب و تووڕەییدا بەش دەکات
کچێنیم دەداتە بەر بەردی جەللادەکان

ئێوارەیەک
زەمیلەکەم لە دەست دەکەوێتە خوارەوە
هەرمێکانم بە کۆڵاندا بڵاو دەبنەوە
هەوا پڕ دەبێت لە بۆنی میوەکانم
بە دەم پرتەوبۆڵەوە بەرەو ماڵ دەبمەوە
ئەو ئێوارەیە
پەنجەکانم لەناو قاپە خەنەکەمدا دەلەرزن
لەناو ئاوێنەکەمدا خۆمم بۆ نادۆزرێتەوە
بە دڵی ژنانەمدا دەزانم
ڕۆژی هەڵگرتنی نهێنییە
ڕۆژی هەڵگرتنی نەفرەتە

با کەس نەزانێت دڵی من چیی دەوێت
با برینی من سارێژ نەبێت
با غەریبی وەک ژەهر بەناو مندا بڵاو ببێتەوە
خوێنی من
دنیا لەگەڵ خۆیدا ڕابماڵێت
با لەبەر پەنجەرەکاندا چاوەڕێ بم
دڵم بە دەنگی **چالاک** پڕ نەبێت لە جوانی
با دڵم بە بینینی خاڵخاڵۆکەیەک
لەسەر پەنجەرەکەم
خۆش نەبێت

با بینینی گوڵەئەستێرەیەکی بزێو
نەمخاتە پێکەنین
من بیری شتیکی تر دەکەم

سپێدەیەک ئەو کاتەی هەڵمی زەوی هێشتا بە
سەرمانەوەیە
دنیا خۆی نەکێشاوەتەوە
ئەو کاتەی خەون لەگەڵماندا دەژی
لەبەر بارانەکەدا بە تەنیا ڕادەوەستم و دەگریم
وەک گوڵەبادەم لەبەر پەنجەرەکانی غوربەتدا وشک
دەبمەوە
بیر لە تەنیایی تۆ دەکەمەوە و و لەناو قوڕاوەکەدا
دەگەوزێم

ڕۆژەکان بەناو کوژرانی خۆیاندا تێدەپەڕن
شەو بەناو ئازاری دڵبریندارانی خۆیدا
گوزەر دەکات
هەیڤ لەناو شکانی خۆیدا ون دەبێت و
من بیری تۆ دەکەم
بێوەفایی خۆی تێکەڵ بە یادەوەری دەکات
جوانی لەناو شتەکاندا دەپووکێتەوە

ئەو کاتانەی هیچمان بۆ نامێنێتەوە
خەونەکانمان نەبێت
بیری تۆ دەکەم

هەموو دنیا پشتم تێدەکات
هاوڕێکانم دەبنە دوژمنم
کە تاک و تەنیا بەناو گەردووندا ڕێ دەکەم
من بیری تۆ دەکەم

نهێنییەک لە دڵمدایە
بۆ منداڵوپاڵی باس ناکەم
با کەس نەزانێت
شتێک لەناو مندا
وەک گوارەی گوێی شاژنەکان
وەک عاشقبەندی ژنانی **لاهوور**
دەدرەوشێتەوە
با کەس نەزانێت
لەناو مندا
نهێنییەک هەیە هەموو سەردەمێکی تێپەڕاندووە
لەناو تەپوتۆزی هەموو گەردەلوولەکاندا
وەک خۆی ماوەتەوە

بۆنی هەنار دەکەم و دەگریم
لە ئێوارە دەنوارِم و دەگریم
بەناو غوباری ئەم ساتە شکاوانەدا تێدەپەڕم و
دەگریم
بەڵام من بۆ نەگریم؟
کە ڕۆژەکان تێدەپەڕن و
تۆ لەگەڵ مندا ڕەنگی پشکۆ نابینیت
گوڵنار نابینیت لە کاتی گەشانەوەیدا
تەرزە بەر پەنجەرەکان دەکەویت و
تۆ لە تەنیشتمەوە ڕانەکشاویت
بۆ بە تەنیایی خۆم نەکوژرێم
کە دەزانم من بە دیار ئەم نهێنییەوە پیر دەبم
بە دیار ئەم نهێنییەوە مردنی خۆم دەکەمە چیرۆک

چۆن دڵم بە جوانی خۆش بێت
کە شەو دەمخاتە ژێر باڵی خۆیەوە و
تۆم لەگەڵدا نیت
ڕێی کاکێشان لەناو تەمدا مەلە دەکات و
من و تۆ
وەک ئەستێرەیەکی عاشق ناکشێین

با ئەم ڕۆژانە بەناو ژنێتیی مندا تێپەڕن
با بەناو دڵشکان و خەمباریمدا تێپەڕن
کە تۆ لەناو خەیاڵ و سنگی مندا بیت
با وەرزەکان لە جەهەننەمی خۆیاندا بمکوژن
با تۆفانێک ئەم زەوییە وێران بکات

دوعا دەکەم تۆم لەگەڵ بیت
کە باران خۆڵی ژێر پێمان تەڕ دەکات
نازناز بەو هەموو ناسکییەوە پێدەکەنێت
جوانی لەناو ئاوێنەکەماندا تیشک دەداتەوە
هەست دەکەین گەردوون بە تەنیا هیی ئێمەیە

کە تۆم هەبیت
هەموو شتەکان سەرلەنوێ دروست دەکەینەوە
خۆمان جێگۆڕکێ بە مانگ و خۆر دەکەین
لەناو مانگەکاندا ئۆکتۆبەر دەکەین بە مانگی ئەڤین
ئینجانەیەک ڕازیانە
لەناو پەنجەرەکەماندا دادەنێین
با ئەڤین لەناو بۆنی گوڵەکێوییەکاندا نوقم بێت

چاو دادەخەم و دەتهێنمەوە ناو ژوورەکەم
پێش ئەوەی وەک ئەنگوستیلەی کچانی سەردەمی
**ڤیکتۆریا**
ون بیت
دەچرپێنم
کە تۆ لێرە نیت
چۆن نەهێڵم گورگەکان بمخۆن؟
چۆن نەهێڵم ماسییەکانم نەمرن؟
باڵندەکانم تەرە نەبن؟
پڵنگەکانم بە تیری خێڵە وەحشییەکان نەکوژرێن؟
پێڕاناگەیت بمدوێنیت و دەبیتە تەم
دەبیتە تەزووی ناو هەوا
سەدای ناو کۆشکە تاریکەکان
تارمایی بەردەم مەرکانە و حەوشەی ماڵان

نهێنییەک لە دڵی مندایە
هیی کەس نییە هیی من نەبێت
لە هەر شوێنێک بم لەناو ئاوێنەکەمدایە
خۆی دەکات
بە سمڵ و مێخەکەکەم و
لە گەردنم دەئاڵێت

دەستم لەسەر سنگم دادەنێم
هەست دەکەم دڵم دەلەرزێت
هەست دەکەم من دەبێت تا ئەبەد
ئەم نهێنییە وەک قورئانی ژێر سەرینی منداڵان
هەڵبگرم
وەک نوشتەی ئەو کچانەی نازانن عەشق
نەخۆشیان دەخات
دەیانبوورێنێتەوە

سپێدەیەک ڕادەبم و دەگەڕێمەوە سەرەتا
بۆ ئەوەی
وەک جاران
یاری لەگەڵ دۆلفینەکاندا بکات
بە دڵێکی عاشقەوە لە کەنار دەریا
لە زەردەپەڕ بڕوانێت و
بیر لە جوانیی من بکاتەوە
وەک ئەو سوارانەی لە هیچ جەنگێکدا نەدۆڕاون و
لە ئاشتیدا نازانن چی بە خۆشەویستەکانیان بڵێن
لە کەنار دەریا پیاسە بکات
سەیری شەپۆلەکان بکات و
بیر لەم نهێنییە بکاتەوە

بەڵام با کەس
ئەو ئێوارانەی بیر نەهێنێتەوە
کە لەسەر جێیەکەی خۆی
لە گەڕەکی **شاری کۆن**
تای لێ دەهات و
من لێرەوە
ژنانی گوند
خێراخێرا باوەشێنیان دەکردم
دەفەکانیان دەژەنی و
بۆم دەگریان
دوعای خێریان بۆ دەکردم و
جنۆکەیان لە لەشم دەردەکرد
دایکم بە دەم گریانەوە
دەیگوت:
سوێند بە **مەولانا**
عەشق نەفرەتە
دەنگێکی هێمن
وەک ئەوەی لە سینەی مەسیحەوە هاتبێتە دەر
دەنگێک
کەس نازانێت لە کوێی دنیاوە دەگاتە ناو هەڵاوی
ئەو ژنانەی
بۆنی پیاو دەیانڕشێنێتەوە


دەڵێت من دەزانم
تادارەکان بەس گۆرانی هەتوانیانە
**گـ ۆ ـر ـا ـن ی** و بەس

وەک ئەو دەروێشانەی بە قژی ئاڵۆزاوەوە پیاڵەکان دەهاڕن
هەستم بە وردبوونی خۆم دەکرد
من دەمگوت:
برۆن بۆ گەڕەکی **شاری کۆن**
گۆرانی بۆ ئەو بێژن و
من چاک دەبم
باوەشێنی ئەو بکەن و
من دەکەومەوە سەر پێی خۆم
بەڵام کەس لە من تێناگات
ئەو ژنانە بنێشتی خۆیان دەجوون و
لە من تێناگەن
غەیبەتی خۆیان دەکەن و
لە من تێناگەن

کێ لە کەسێک دەگات
نهێنییەک نەخۆشیی بخات؟
نهێنییەک غەریبی شارانی بکات؟
بە دەم گریانەوە بچێتە ژێر باران؟

سوێند دەخۆم کەس تێناگات

بەریتانیا- ٢٠١١



# گەڕانەوە بۆ ماڵی باران

بۆ باران

دەستی یەکترمان گرت
خۆمان بۆ کۆچ ساز دا
تەم بەسەر ئێوارەدا ڕژا
هەندێک جار لە عاشقبوونماندا
دەفڕین
بەسەر
هەور و ئاسمان و ڕووبارەکاندا

هەر کە دوور با لێم
وەک چۆلەکەیەکی ترساو
لەژێر باران و برووسکەدا دەلەرزیم
وەک سمۆرەیەکی نەخۆش خۆم دەخزاندە ژێر باڵی ئاسمان
وەک منداڵێکی بێتاوان خۆم بە قاچەکانی زەوییەوە دەلکاند

ئەو بە چاوی کەسێکەوە کە  تەنیایی لە ناوییەوە
کڵپەی سەندبێت
دەیگوت:
هەیش چەند نزیکە هەیش چەند نزیکە!
من دەمگوت: چی نزیکە وەیی‌ی؟
بە لێوی کەسێک دەدوا گریان لەناویدا کەوتبێتەوە
ڕۆژە ژەهراوییەکان چەند نزیکن وەیی‌ی
دەگریا و دەیگوت:
ڕۆژێک دێت کۆمەڵێک باڵندەی زامدار بە نێوانماندا
ڕەت دەبن
دەستەکانمان یەکتر نادۆزنەوە
من و تۆ دەبین بە دوو کەرتەوە

گەورە بووین
دڵمان بەبەر چاوی مانگی چواردەوە بۆ عەشق
دەرهێنا
وەک دوو هاوڕێ کە هەرگیز جەفا دڵی
نەشکاندبێتن
زامەکانمان نیشانی کەس نەدەدا
دەستمان بۆ یەکتری دەگرتەوە و
وەک دوو ماسی لەخۆبایی داهاتوومان بۆ یەکتر
دەخوێندەوە

جوانیی خۆمان وەک خەزێنەی پادشا بەخشندەکان
تەخشان‌وپەخشان دەکرد

لێومان تەڕ و چاوانمان سورمەدار
ژیانمان دابووە بەر نزاکانمان
خەونمان دەبینی
دەبووینە **کەیغان** و یارمان بە خەنجەرەکانمان
زامدار دەکرد
کازیوە بە دیار جوانیمانەوە تای لێ دەهات
سپێدە ختوورەکانی دڵی ئێمەی بۆ نەدەخوێنرایەوە
شەماڵ هەمیشە بە ئاڕاستەی تەنیاییماندا
ڕادەبوورد
دەستمان لە برینی یەک وەردەدا
خوێنی یەکمان لێ دەچۆڕا
هەردووکمان بۆ مردنی خاڵخاڵۆکەیەک
وەک یەک
دەگریاین
پێکەوە عاشق دەبووین
وەک یەک
دڵمان دەشکا
بەڵام سپێدەیەکی ڕەش ئێمەی کرد
بە دوو کەرتەوە

وەک دوو بەچکەئاسک لە باوەشی یەک
ڕایانکێشاین
وەک کەوتنەخوارەوەی دوو ئەستێرە
هاوارمان لە هەموو گەردووندا دەبیسترا

ڕۆژێک لە دەستەکانمی ڕوانی
هیچ شتێکی وەک خۆی بۆ من نەگێڕایەوە
ئەو باڵندەیەکی خۆڵەمێشیی بینی
هەیڤ لە ئاسماندا دەشکێنێت


من دەبات بۆ شوێنێکی زۆر دوور
لەناو تۆفاندا
بۆ ئەبەد
ونم دەکات

ئەم چیرۆکە ڕۆژێکی هاوین
بۆ کچەکەم دەگێڕیتەوە
کە هێشتا عاشق نەبووە و
زۆر پێی خۆشە بە شازادە **ئۆفێلیای یەکەم**
بانگ بکرێت

کچەکەم هەر وەک شازادەیەکی خەواڵوو
بە دەم سەیرکردنی گوڵەوە باوێشک دەدات
دەست بۆ ئەڤین ڕادەکێشێت
بە دەنگی بەرز بیر دەکاتەوە
ئەستێرە دەژمێرێت
دنیا لە حەوزی ماسییەکەیەوە سەیر دەکات

تۆ ئەوەی بۆ دەگێڕیتەوە کە من نەمگێڕایەوە
ئەوەی نیشان دەدەیت کە من دەمویست ببیبنێت
ئەوەی پێ دەبەخشیت کە من نەمبوو بیدەمێ
کە من نەمتوانی بۆی بەجێ بهێڵم

بەریتانیا- ٢٠٠٩



خەونە بچکۆلەکانی من

## خەونی ١

منماڵێکم نییە
نیمە پەنجەرەیەک
تا خەیاڵم بنێرم بۆ ناو دارستانە سەوزەکان
من وەک تریفەی ڕژاوی ناو کۆڵانەکان
تەنیا و بێماڵم
من شوێنێکم نییە پێی بڵێم ماڵەوە
هەر لەبەر ئەمەیە
من ناتوانم بگەڕێمەوە
من نازانم بگەڕێمەوە

## خەونی ٢

تۆ دەتوانیت ئاگر بدزیت
بە یەک هەناسەت پڵنگ بگۆڕیت بۆ شووشە
ماچ بگۆڕیت بۆ باران
لەژێر چەترێکدا من بەجێ بهێڵیت و
وا هەست بکەم گەردوون لەتەک مندا ڕێ دەکات
تۆ دەتوانیت زۆر شت بکەیت
وەک گۆڕینی من لە خۆمەوە
بۆ شازادەیەکی کۆنی ناو کۆشکێکی شینی غەمگین

## خەونی ٣

وەک دوو دڵی شکاو
بە تەنیشت یەکدا دەڕۆین
یەکتر دەبڕین
یەکتر تێدەپەڕێنین و
لە ناوەڕاستی زەویدا
یەکتر بەجێ دەهێڵین
ئێمە ئاوا عەشقمان کرد

## خەونی ٤

پێویست ناکات دوور بکەومەوە
تا لە سووچێکی ئەم دنیا گەورەیەدا بتبینم و
قسەی دڵت بۆ بگێڕمەوە
من هەر لە ژووری نووستنەکەی خۆمەوە
تۆم خۆش دەوێت و
گەیشتووم بە تۆ

## خەونی ٥

دەگەڕێمەوە سەرەتای زریانەکانی
دەبم بە هەتوان بۆ سەر یەکەم برینی
دەبمە یەکەم مەعشووقەی
باکم نییە لە بیرم بکات
با لەسەر سنگی من
توورەبوونەکانی خۆی بنووسێتەوە
باکم نییە وێرانم بکات

## خەونی ٦

دوعا دەکەم ژنێک بێت و
یادەوەرییەکانی من لەناو تۆدا خاپوور بکات
ئەگەر بڕۆیت بیرم دەکەیت؟
خەون بە ماچەکانمەوە دەبینت؟
بۆنی ژێرکراسەکانم دەهێڵن بژیت؟
دەهێڵن نانی بەیانی بە ئارامی بخۆیت؟
ئەگەر بڕۆیت؟
ڕیش دەهێڵیتەوە؟
خەمباری دەبێت بە سێبەرت؟
قژت ماشوبرنجی دەبێت؟
ئێواران گوێ لە گۆرانییەکەی خۆمان دەگریت؟

ئەوەی بە دیاریەوە دەگریاین
بە دیاریەوە ڕووت دەبووینەوە
بە دیاریەوە پێستمان لەبەر یەکتر دادەکەند؟

دوعا دەکەم بۆت
پێنجفەڕزە لەسەر بەرماڵ دەپاڕێمەوە
تا بۆنی ژێرکراسەکانم میهرەبان بن لەگەڵت
ماچەکانم بهێڵن ئارام خەون ببینیت
برژانگەکانت تەنیا نەکەون
پەنجەکانت خۆیان بە غەریب نەزانن

دوعا دەکەم ژنێک بێت و
یادەوەرییەکانی من لەناو تۆدا خاپوور بکات
ئەی مەسیحی من!
ئەی مەسیحە کوژراوەکەی من!

سوید- ٢٠١٣

دوو تێکست



# دوو تێکست

لەگەڵ **دلاوەر قەرەداغی**

گەر تۆ بمریت

گەر تۆ بمریت
منیش دەبمە کچی مردن
شەوەکانم لەگەڵ ئەو پیاوانەدا بەسەر دەبەم
کە شەڕ لەگەڵ تەنیاییدا
دەیانخزێنێتە باوەشی من

گەر تۆ بمریت
ئیتر من دەبمە تەشیڕێس
دەبمە نانکەری ماڵان
دەبمە ئەو کیژە سەماکەرەی
کە خۆیشی سەر لەو ئاگرە دەرناکات
کە تەنیایی لە جەستەی بەردەدا

گەر تۆ بمریت
من ئیتر شەوەکانی خۆم بە تەنیا و
لە ژوورێکی سارددا بە ڕێ دەکەم
لە بری تۆ سەرینێک دەنێمە باوەشم
بووکەشووشەیەک لە تەنیشتمەوە دادەنێم

گەر تۆ بمریت
من ئیتر دەبمە چاگێڕی ئەو پیاوانەی
هیچ نازانن
شەڕ نەبێت
هیچ نازانن
تووڕەیی نەبێت
هیچ نازانن
کوشتن نەبێت

گەر تۆ بمریت
ئیتر پێ ناخەمەوە قوتابخانە
ئیتر ناچم بۆ کتێبخانەکان
ناچم بۆ باخچەکان
بەیانیان پەردەی ژوورەکەم لا نادەم
گوڵەکان ئاو نادەم
سەیری حەوزی ماسییەکانم ناکەم
گەر تۆ بمریت
کۆڵان پڕ دەکەم لە منداڵ
دەکەومە بەردبارانکردنی خەڵک
دەکەومە نووسینی شتی ناشرین لەسەر دیوارەکان
گڵۆپ بە جادەکانەوە ناهێڵم
سەری پشیلەکان دەشکێنم
دەکەومە هۆهاکێشان!

گەر تۆ بمریت
ئیتر من حەوشەکەمان گسک نادەم
قاپەکان ناشۆم
منداڵەکان ژیر ناکەم
قژم شانە ناکەم
سووراو ناکەم

وەکو قەرەجێکی بێ ئیش
بە کۆڵاندا
دێم و دەچم

گەر تۆ بمریت
ئیتر من قژ دەهێڵمەوە
دەبمە دەروێش
دەفێک دەگرم بە دەستمەوە و
بە چایخانەکاندا دەگەڕێم

گەر تۆ بمریت
دەچم لە پرسەی ژناندا دادەنیشم
لە خۆم دەدەم
قژ بە سەرمەوە ناهێڵم
سەرم دەنێم لە تەشتێک قوڕ

گەر تۆ بمریت
دەچم چێشتی زیندانەکان لێ دەنێم
ئیشی هەویر بۆ باڵندەکان دەکەم
کولێرەبەڕۆن و پەنجەکێشی دەبەخشمەوە
لەسەر گۆڕی پیاوچاکان

گەر تۆ بمریت
دەبمە پیسترین جگەرەکێش
جگەرە بە جگەرە دادەگیرسێنم
تەنیایی بە تەنیایی هەڵدەکەم
سەیری فیلمی هیندی دەکەم
لەزەت بە لەزەت پێ دەکەم

گەر تۆ بمریت
دەبمە خۆشنووس
کێلی گۆڕەکان پڕ دەکەم لە نووسین
دەرگەی حەوشەکان پڕ دەکەم لە ڕیکلام
بۆ نائومێدی
پۆستەری غەریبی دادەکوتم
بە خەتی شکستە
عەرزوحاڵ بۆ مێروولەکان دەنووسم

گەر تۆ بمریت
من دەکەومە وێنەکێشان
پەڕەی سپی بە دەفتەرەکانمەوە ناهێڵم
هەر هەمووی دەکەمە وێنەی تێکشکان

گەر تۆ بمریت
ئیتر من نیشتیمان دەخەمە مەزادەوە
ماڵەکەمان دەخەمە سەر فرۆشتن
دەچم بۆ سەرقەبران
گۆرانی دەڵێم
سەما دەکەم
دواییش لەسەر گۆڕەکەی تۆ خۆم دەکوژم

گەر تۆ بمریت
جلەکانم بە خۆڕایی دەدەمە خەڵک
سووراوەکانم دەدەمە کچانی بچووک
ماسکاراکانم
تەوقەکانم و
ئاوێنەکانم لە دەرگەی حەوشەوە تووڕ دەدەم

گەر تۆ بمریت
دەبمە ژنێکی پیر
دوکانێک لەسەری کۆڵان دادەنێم
نیوەڕوان سەعات دوازدە دەیکەمەوە
نانەقەیسی، کورسینەعنا، تەمەرهند و محەلەبی
دەفرۆشم

ئێوارانیش
دوکانەکەم
پڕ لە پیاوی سەرخۆش دەکەم

گەر تۆ بمریت
ئیتر من دەکەومە لفکەچنین
دەکەومە کڵاوچنین و گریانچنین
دەکەومە فیراقچنین

گەر تۆ بمریت
دەچم ئاریالی سەربانیماڵان تێک دەدەم
کۆلارەی منداڵان دەدڕێنم
چۆلەکە دەکوژم
فیکە لە نیشتیمان دەکێشم

گەر تۆ بمریت
ئیتر من دەکەومە خەتمکردنی قورئان
دەبمە ژنێکی نوورانی و دەچم بۆ حەج
لە ڕێگە دەمرم و وەسێت دەکەم
تەرمەکەم نەهێننەوە و
هەر لە **حیجاز** بەژێر خۆڵەوەم بکەن

گەر تۆ بمریت

لە نائومێدیدا

خۆم لە حیزبێکدا ناونووس دەکەم

دەبمە ئەندامی شانەیەکی بچووک

دەکەومە ڕاپۆرتنووسین

دەبمە ئاقڵترین و گوێڕایەڵترین کچی حیزب

گەر تۆ بمریت

حەز دەکەم

شەڕ دیسانەوە هەڵگیرسێت

حەز دەکەم کەس نەچێت بۆ پیاسە

کەس نەچێت بۆ سەیران

کەس نەچێت بۆ مەلە

کەس نەیپەرژێتە سبەینێ

گەر تۆ بمریت

هیچ شتێک دادم نادات

هیچ شتێک ئاوەدانم ناکاتەوە

گەر تۆ بمریت

ناگاتە ئێوارە

دەستم دەچێتە شیعر و

خۆم دەکوژم

سوید/ ٢٠٠٥– ٢٠٠٦

بیر لە تۆ دەکەمەوە

بیر لە تۆ دەکەمەوە
ئەو کاتەی وەک شووشە دەشکێم
ئەو کاتەی خەمی ونکردنت لە چاومدا چەخماخە
دەدات

بیر لە تۆ دەکەمەوە
کە سمۆرەیەک باوەش بە گوێزێکدا دەکات
کە ماسییەک لە ئاودا لە خۆی دەڕوانێت
کە بۆقێک قاچی لەسەر قەوزە هەڵدەخلیسکێت
کە کیسەڵێک نوکتەی چێڵێک دەبیستێت و
لە پێکەنیندا
بە پشتدا دەکەوێت

بیر لە تۆ دەکەمەوە
کە تارماییم لەژێر باراندا تەڕ دەبێت
کە یادەوەری خەنجەرمان لێ دەردێنێت
کە دەنگی ئاگر دێت و
تاڤگە وەک تۆز دەڕژێت
کە هەیڤ بە تاریکیدا ڕەت دەبێت
با بە لمدا پەرش دەبێت
ئاسمان شینانە دەڕژێت
کراسەکەت بەسەر تەنافەوە با دەیجوولێنێت
بۆنت لە خاولی و سەرینەکان دێت

من بیر لە تۆ دەکەمەوە
کە لالە دەوەرێت
کە دارستان لە سەوزیدا دەخنکێت
کە ئەڤینت نوقمی خۆیم دەکات و
ناوت لە گەروومدا دەتاسێت

بیر لە تۆ دەکەمەوە
کە دەنگی جەنگاوەرێکی عاشق دێت
گۆرانی دەڵێت
کە پیری شمشاڵ دەژەنێت
کە مردن بە نێوانماندا ڕادەکات
ئاور دەداتەوە و دەکەوێت

بیر لە تۆ دەکەمەوە
ئەو کاتەی بازێک بەژێر تەرزەدا دەفڕێت
کە شەو ڕووخساری زەوی دەتەنێت
کە خەم لە خۆیمان سواخ دەدات
کە سپێدە لەگەڵ شەونمدا دێت

بیر لە تۆ دەکەمەوە
کە پرچم لەبەر هەتاودا دەهۆنمەوە
سمڵ و مێخەکەکەم دەکەمە ملم
گوڵێکی غەمگین و سووریشم بیر ناچێت
بۆ پرچم

من بیر لە تۆ دەکەمەوە
بیر لە ئەڤینت دەکەمەوە
کە هەڵگرتنی خاچ و
خۆکێشانە بە بریندا
کە هەستانەوە و
هەڵگژانمە بەرەو ئاسمان

کە بیر لە تۆ دەکەمەوە
هیچم بیر نامێنێت
زمانم دەشکێت
خەیاڵم وردوخاش دەبێت
وەک قوتابییەکی تەمەڵ
لەژێر کورسییەکی دواوەی پۆلدا
خۆم گرمۆڵە دەکەم و
لە حەژمەت شەرم
تا ماوم نایەمە دەرێ

کە بیر لە تۆ دەکەمەوە
دنیا دەزانێت بیر لە تۆ دەکەمەوە
لەبەر پەنجەرەدا ڕادەوەستم
کەروێشکێک بە زەمیلەیەکەوە تێدەپەڕێت

ئاورِ دەداتەوە و دەڵێت
دەزانم تۆ بیر لەو دەکەیتەوە
بەڵام من دەڕۆم کیلۆیەک گێزەر دەکڕم
تکایە گەر دەکرێت
بە دەم بیرکردنەوە لەوەوە
تا دێمەوە
چاوێکیشت لە منداڵەکانم بێت

بیر لە تۆ دەکەمەوە
کە تەنیایی هورووژمم بۆ دێنێت
کە منداڵێکی بزێوی سەرقژن
لەبەر چۆڕاوگەی ژێر تەنافێک جلکی
تازەشۆردراودا
خەون دەبینێ

بیر لە تۆ دەکەمەوە و بەڵێن بە خۆم دەدەم
کە ئیتر شت نەشکێنم
بەیانیان شەبەق بچم بۆ نانکڕین
پێنجشەمووان حەمام دابخەم
ئێواران زوو بۆ ماڵەوە بێمەوە

بیجامە لەبەر بکەم و قاچوقولم بشۆم
خۆم قەڵەو بکەم و بە دەم میوانەکانەوە
قاقا پێ بکەنم

بیر لە تۆ دەکەمەوە
کاتێ بە ناوی خۆمەوە بانگم دەکەیت
کە لە دەرەوەی شتە لەیەکچووەکاندا دەمبیستیت
کە لە خۆتەوە هەست دەکەیت شتێکت لێ ون بووە
شەووڕۆژ دێیت و دەچیت و
بێهوودە دنیای بە دوادا دەگەڕێیت
بیر لە تۆ دەکەمەوە
سوار پاس دەبم و بیر لە تۆ دەکەمەوە
بە باخەکاندا دەڕۆم و بیر لە تۆ دەکەمەوە
سڵاو لە بەقاڵەکان دەکەم و کتوپڕ
تۆم دەکەوێتەوە بیر
کە حەزت لە هەنجیر و کاڵەکە
بە پەلە زەمیلەکانم لە ڕەنگی کاڵەک و
بەرچنەکانم لە تامی هەنجیر
پڕ دەکەم

بەژێر بارانەکەدا ڕادەکەم
پرچم تەڕ دەبێت و جلەکانم تەڕ دەبن و
بە باران دەخووسێم و بیری تۆ دەکەم
بەناو تەنیایی گەردووندا ڕادەکەم و
دەکەومە باوەشی بیرکردنەوە لە تۆ
چاوەکانم تژی دەبن لە خەیاڵ
لێوم دەنێم بە سنگتەوە
خۆم بیر دەچێتەوە و لەناو ژنێتیمدا ون دەبم
ئیتر دەزانم مانای هەموو شتەکان گۆڕاوە
هەیهات هیچ شتێک وەکوو خۆی نەماوە

بیر لە تۆ دەکەمەوە
ئەو کاتەی خۆم بەسەر کانییەکدا شۆڕ
کردووەتەوە
لە خۆم دەڕوانم
لە دڵم دەڕوانم و تۆ دەبینم

بیر لە تۆ دەکەمەوە
کە دەچمە ناو جێگەکەم و
گوێم لە چرپەی تۆیە

بە دەنگێکی پیاوانە
سێ جار ناوم دێنیت
سێ جار هەناسە هەڵدەکێشیت و
بە دەم گریانەوە خەو دەتباتەوە و
خەون بە منەوە دەبینیت

بیر لە تۆ دەکەمەوە
ئەو کاتەی بە کچێکی دراوسێمان دەڵێم
بە خەنەیەکی ئێرانی لەسەر شانی چەپم
ناوی تۆ بنووسێت
ئەوجا دوعام بۆ بکات تا دێیتەوە
خۆم لە منداڵانی گەڕەک تووڕە نەکەم
بەسەر ژناندا نەزریکێنم
مراوییەکانمان برسی نەکەم
بۆ ئەوەی تا تۆ دێیتەوە
من بەرگە بگرم و
شارم لێ نەبێتە جەهەننەم

بیر لە تۆ دەکەمەوە
کە شنەیەکی فینک دێتە ژوورەکەم و
کراسە تەنکەکەم
بە لەشمەوە دەنووسێت

که پەرداخێک شەرابت بە دەستەوەیە و
هەست دەکەم تامی ئەوین دەدات

بیر لە تۆ دەکەمەوە
کە هەواڵێکی ناخۆش دەبیستیت
کە سپێدەیەک بە قژی ئاڵۆزکاوەوە بەناو
ژوورەکاندا
هاوار دەکەیت و منت بۆ نادۆزرێتەوە
کە لەناو دارستانەکەدا بۆم دەگەڕێیت و
هەواڵم لە ژیشکێک دەپرسیت
بیر لە تۆ دەکەمەوە کە لە هیچ شوێنێکەوە
هەواڵی منت پێ ناگات
کە هیچ نامەبەرێک نامەی منت بۆ ناهێنێت
کە دەکەویتە کۆڵان و منداڵان بە دزی دایکیانەوە
کولێرەیەکت لە ڕای خوا دەدەنێ
کە هەمیشە بە دوو چاوی خەمبار و
قژێکی ماشوبرنجی و
دڵێکی بریندارەوە
دەف دەژەنیت و باسم دەکەیت

بیر لە تۆ دەکەمەوە و
دەزانم بیرکردنەوە لە تۆ ئاسانە وەک ئاسنکوتان
ئاسانە وەک بێژانەوەی جوانی بە بێژەنگێکی دڕاو
ئاسانە... ئاسانە... ئاسان...
وەک ڕاوکردنی نەهەنگێکی تووڕە
بە تۆڕێکی هەلاهەلا و هەرزان

بیر لە تۆ دەکەمەوە و
لە خۆمەوە جانتا دەپێچمەوە
لە خۆمەوە دەست لە ماشێنەکان ڕادەگرم
لە خۆمەوە بە جووتێک نەعلی تاکەوتاک و
قاتێک بیجامەی خەتخەتی چڵکنەوە
دەچمە سەر بان و
دەگریم و لە مانگ دەنۆڕم

بیر لە تۆ دەکەمەوە
دەبمە ئۆپۆزیسیۆن و لە ڕۆژنامە ئەهلییەکاندا
دەیکەمە هەرا
لە بارەی هەژاری و غەدر و بێماڵوحاڵییەوە
لە بارەی ناعەدالەتییەوە دەنووسم
لە خۆپیشاندانەکاندا لە پێشی پێشەوە هوتاف
دەکێشم
کەچی دڵێکیشم لای تۆیە و
خواخوامە بە گوللەی چەکدارێکی هار
بکوژرێم

بەریتانیا- ٢٠١٠

**به هەر هۆیەک بێت، سوپاسی تایبەتم بۆ:**

شازادە ئۆفێلیا
ئاریان ئەبووبەکر
شالاو حەبیبە
سەرتیپ عوسمان